جامی یەکیتی ئینگلتەرا... کریستاڵ پاڵاس بە سێ گێمی بەبەرامبەر لە ئەستۆن ڤێلای بردەوە

لە یارییەکی قۆناغی پێش کۆتایی جامی یەکێتی ئینگلتەرا، یانەکانی کریستاڵ پاڵاس و ئەستۆن ڤێلا رووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

گێمی یەکەم، کریستاڵ پاڵاس بە هەرشبردن دەستیپێکرد، لە ئەنجامی هەرشەکان لە خولەکی 31 ئیزە گۆڵێکی نایابی لە دەرەوەی ناوچەی سزا بە لێدانێکی بەهێز تۆمارکرد، نیوەی یەکەمیش بەو تاک گۆڵە کۆتایی هات.

لە گێمی دووەم، کریستاڵ پاڵاس بە تەواوی کۆنترۆڵی یاریگای کرد، هەرچەندە ماتەتا لە خولەکی 53 لێدانی سزای لەدەستدا، بەڵام لە خولەکەکانی 58 و خولەکی زیادکراودا ئیسماعیلا سار بە دوو گۆڵ تۆڵەی کردەوە.

سەرەنجام یارییەکە بە سێ گێمی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی کریستاڵ پاڵاس کۆتایی هات، بەم بردنەوەش تیپەکەی گلاسنەر گەیشتە یاریی کۆتاییی، لە یاریی کۆتاییش رووبەڕووی براوەی نێوان مان سیتی و

نۆتینگهام دەبنەوە.